# گوتاری سیاسی لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی بەختیار عەلیدا

د. هیوا کەریم حسین
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی کوردی
hiwa.husein@univsul.edu.iq

**الملخص**

يُعَدّ مفهوم الخطاب مفهوماً فلسـلفياً أخذ حيزه بالتطور في الدراسـات الإنسـانية ولاسـيّما مع ظهور مفهوم مابعد الحداثة. وقد تبوأ هذا المفهوم مقعده في الدرا سات مع انتشار مؤلفات الفيلسوف الفرنسي ميشيل فوكو، ولكن هذا لا يعني أنّ فوكو هو مؤسـس المفهوم، بل يعود تاريخه إلى ما قبل مؤلفات الكاتب. هذا البحث المعنون بـــ (الخطاب السياسي في رواية درياس و الجثامين للكاتب بختيار علي) محاولة لإبراز نوعاً من الخطاب، ألا وهو الخطاب السياسي. وتهدف الدراسـة إلى إظهار حقيقة أنّ كل شـيء في المجتمع الكوردي خاضـع للسياسـة، أي أنّ السـياسـة أصـبحت بحد ذاتها خطاباً رائجاً في هذا المجتمع، لذلك تسـعى دراسـتنا هذه إلى البحث في ابعاد الخطاب السـياسـي في الرواية المذكورة.

تنقسم هذه الدراسة على فصلين، فالفصل الأول والمعنون بـــ(مدخل إلى الخطاب السياسي والأدب) يتناول الجانب النظري وجاء في مبحثين، أمّا المبحث الأول فيتكلم عن محاولات البحث في مصـطلح الخطاب السـياسـي ومفهومه و تاريخ ظهوره، وفي ذلك عرضـنا لآراء عدد من الفلاسـفة. أمّا المبحث الثاني فيخوض في الحديث عن تطبيق مفهوم الخطاب السياسي فيما بين السياسة والأدب. وفي الفصل الثاني المعنون بـ (ابعاد المضامين السياسية في رواية درياس و الجثامين) تناولت الدراسـة الجانب التطبيقي، إذ تحدثنا فيه عن الخطاب ومفهوم الوطن، وخطاب الثورة وتقديس القائد عند الكورد، مع الاستشهاد بنماذج ذات العلاقة بالمضمون، وذيّلت الدراسة بأهم النتائج التي توصلت إليها، و قائمة بالمصادر والمراجع.

Abstract

The Discussion is a philosophical genre, after the postmodernist analysist movement has founded, this genre is developed as a part of humanism studies, especially after the publishing of about conversations by the famous French philosopher, Michel Foucault but still it does not mean he is the founding father of this genre! Historically speaking it has a great track record.

Our study is on “Political Discussion in Daryas and its Bodies Novel by Bekhtiar Ali”



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

It is only a step to show one of discussion/conversation genre which is Political Discussion/ or conversation. Our Aim is designated by the Kurdish political society and perspectives in order to catch this genre as a study we had to consider this forced view in the analyzed novel.

Our study is titled in two parts; first is the Introductory of Political Conversation and Literature theoretically. This part is subtitled also in two; one is about a trial to analyze the terms in political discussions and the historical routes of the genre. The second is only a work comparison of the genre in both politics and literature.

The second title; it's more practical part of the study that shows political perspectives inside the Daryas and the Bodies novel. In this titled practical study, we included more than several subtitled slices, including Home, Revolution and the holiness of the Kurdish Leaders in Kurdish Society, we provided all needed samples for each subs.

At the end the results are displayed in numeral bullets with the listed sources.

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە بە ناونیشـــانی (گوتاری ســـیاســـی لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشـــەکان)ی بەختیار عەلی‌دا) هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ دیاریکردنی گوتاری سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێی توێژینەوە لەم ڕۆمانەدا.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لە کاتی نووســـینی ئەم توێژینەوە هەوڵمانداوە وەڵامی چەند پرســـیارێکی جەوهەری بدەینەوە، بۆ نموونە: چۆن گوتاری بابەتێک لەناو کۆمەڵگەی کوردی دیاری بکەین؟ گوتاری ســـیاســـی چییە؟ چ کاریگەرییەکی لەســـەر کۆمەڵگەی کوردی هەیە و هەبووە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە، زانیارییەکی ورد لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ خوێنەر بخەینەڕوو، هاوکات شـــارەزای بکەین لە خستنەڕووی زانیاری لەبارەی گوتاری سیاسییەوە، هاوکات چۆنیەتی ئیشکردنی ڕۆمان لەبارەی گوتاری سیاسی.

**بەشەکانی توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشـــی یەکەمی بە ناوی دەروازەیەک بۆ گوتاری ســـیاســـی و ئەدەب، بەشـــێکی تیۆرییە و لە دوو تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە زاراوە و چەمکی گوتاری ســـیاســـی و مێژووی پەیدابوونی ئەم چەمکە. هاوکات ڕوانگەی چەندین فەیلەســـووفمان ســـەبارەت بەم چەمکە باسکردووە. تەوەرەی دووەم کارکردنە لەبارەی گوتار لەنێوان سیاسەت و ئەدەبدا. هەرچی بەشی دووەمە، کە بەشێکی پراکتیکییە بەناوی ڕەهەندی ناوەڕۆکە سـیاسـییەکانی ڕۆمانی دەریاس و لاشـەکان. لەم بەشـەدا چەند تەوەرەیەکمان باسـکردووە، وەک گوتاری سـیاسـی سـەبارەت بە چەمکی نیشـتمان، گوتاری شـۆڕش و پیرۆزی سـەرکردە لەناو کورد. نموونەی پێویستمان بۆ باسەکانمان هێناوەتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێک خستۆتەڕوو، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سنووری توێژینەوەکە:**

سـنووری توێژینەوەکەمان بریتییە لە توێژینەوە لە ڕۆمانی یەکێک لە ئەزموونە باشـەکانی کورد، کە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی بەختیار عەلی‌یە. ئەم ڕۆمانە ئیشکردنە لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی لە ماوەی سالانی سەرەتای سەدەی بیستویەک.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە گوتاری ماوەیەکی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی سـیاسـییەوە دەردەخات. ئەویش بە توێژینەوە لە موقەدەسـبوونی سـەرکردە لە لای تاکی کوردی، هەروەها ململانێ سـیاسـییەکان و چەمکی شۆڕش لە رووی فەلسەفییەوە. ئەمەش دەرخستنی لایەنی سیاسی کۆمەڵگەی کوردییە.

**بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ گوتاری سیاسی و ئەدەب**

**یەکەم: چەمکی گوتاری سیاسی**

چەمکی گوتار (Discourse) یەکێکە لە چەمکەکانی پۆسـتمۆدێرنیزم، بە تایبەت لە ڕەهەندە فەلسـەفی پاش بونیادگەرییەکەیەوە. بنەڕەتی بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەکو چەمکێکی ڕەخنەیی و فەلسەفی بۆ فەیلەسوف (میشال فۆکۆ) دەگەڕێتەوە. بەتایبەت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئارکۆلۆجیای مەعریفە). لەم ڕوانگەیەوە گوتار دەبێتە دەسەلاتێکی ڕەمزی، بە هۆی وشە و ڕستە و زمانەوە سیستەمی خۆی لەناو خەڵکدا دادەڕێژێت. ئەم فەیلەسوفە بە داڕێژەری چەمکی گوتار بە واتا نوێیەکەی دێت. بەوەی گوتارە شـتە دروسـت و نادروسـتەکانی ئێمەی مرۆڤ دیاری دەکات. وەک روونە زۆربەی چەمکە فەلسـەفی و ئەدەبییەکان چاوگیان بۆ یۆنانی کۆن و لاتینی دەگەڕێتەوە. ئەم چەمکەش (Discourse) لە بنەڕەتدا ((بۆ لاتینی دەگەڕێتەوە، خۆی ناوە و لە کاری Discoursereی هاتووە، کە بە واتای لێرە و لەوێ ڕوویدا. واتە کارێکە بە واتای ناردنی قسـە و ئاخاوتن بە شـێوەی ئازاد.)) [عصـفور: ١٩٩٧: ٤٧] ئەم زاراوەیە بە رەهەندە دەلالیەکەیەوە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (فێردیناند دی سـۆسـێر) بە ناوی (وانەگەلێک لە زمانەوانی گشـتی) بە شـێوەیەکی ڕوون چەمکی گوتار دەخاتەڕوو. بەوەی گوتار لە کۆمەڵێ یەکەی زمانیی، یان زنجیرەیەک ڕستە پێکهاتووە، واتە پەیامێکە. بەم واتایەش گوتار بە بواری زمان دەبەسترێتەوە، چونکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک یاسا زمانیی، کە پێکهاتەی ڕستە و گوتنن. یەکەمین کە سێک ئەم پێناسەیەی بۆ گوتار لە بۆچوونەکانی (دی سۆسێر)ەوە وەرگرت، نووسەر (سابووتی هاریس) بوو. گوتار لە بنەڕەتدا قسەکردنێکی ڕوون نییە، بەڵکوو گوتنە بە واتایەکی نوێ، چونکە قسەکەر لە ساتی قسەکردندا جۆرێک لە ئاراستەکردن بەکاردەهێنێت، چونکە لەناو سیستەمێک لە یاسا و ڕێسادا دەژی، دیارترین ئەو سیستەمانەش سیستەمی ئەخلاقی، سیاسی، دادپەروەری و ...تاد

بە بڕوای ڕەخنەگر (بێنفیسـت- Benveniste) گوتار هەموو دەربڕینێکی گوتراو و گوێلێگیراو دەگرێتەوە، لە لایەنی یەکەمەوە بە نیەتی کاریگەری دانان لەسەر لایەنی دووەم بە شێوەیەك لە شێوەکان دەردەبڕدرێت. ئەم ڕەخنەگرە دوو سیستەمی درەبڕین لە یەکتری جیا دەکاتەوە ، ئەوانیش: گوتار و حەکایەتی مێژوویی. ((ئەم جیاوازییە لە گوتارەوەیە،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کە چەمکی گوتار لە یەکەیەکی زمانیی بەتاڵ کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بە ڕۆشــنبیریی و کۆمەڵگەوە دەبەســترێتەوە. گوتار کۆمەڵێ ڕســتەی جۆراوجۆری زارەکی و نووســینن. ئامانجەکەی لەلایەن نامە، ژیاننامە، شــانۆ و هۆکارەکانی فێرکردنەوە دیاری دەکرێت، کە لە حەکایەتی مێژووییەوە جیاوازن، بەتایبەت لە هەردوو ئاســتی کات و شــێوازی جێناوەکانەوە.)) [الباردی: ٢٠٠٤: ١] مەبەســت لە حەکایەتی مێژویی، ئەو حەکایەتە نییە، کە ڕووداوێکی مێژوویی بگێڕێتەوە، بەڵکوو هەموو ئاخاوتنێک، کە بە شــێوەی ڕاپۆرتئامێز دەگوازرێتەوە. ئامانج لێی مێژووی گوتنە لە خودی خۆیدا.

لەلایەکی ترەوە (جیرار جینێت) سێ جۆری گێڕانەوە لە یەکتر جیا دەکاتەوە:

١- لە مانای یەکەمدا وشــەی حیکایەت واتە واژەکراوی گێڕانەوەیی، واتە گوتاری زارەکی یان گوتاری نووســراو کە پشت بە گێڕانەوەی ڕووداوێک یان زنجیرە ڕووداوێک دەبەستێت.

٢- لە مانای دووەمدا حیکایەت زنجیرەیەک ڕووداوی راســتەقینە یاخوی خەیاڵکراو دەگەیەنێت کە بابەتی ئەو گوتارە پێکدەهێنێت.

٣- وشــەی حیکایەت لە مانای ســێیەمدا دیســان بەواتای ڕووداوێک دێت، بەڵام مەرج نییە ڕووداوێک بێت بگێڕدرێتەوە، بەڵکو ڕووداوێک بێت لەسەر ئەوە وەستابێت کە کەسێک شتێک دەگێڕێتەوە: ئەمە کردەی گێڕانەوەیە لەخۆیدا. لێرەدا گێڕانەوە بە واتای گوتار ئەوەیە، کە ئێمە دەتوانین شیکردنەوەی دەقەکە بکەین، ئەویش بە هۆکارێکی ســادە، ئەویش چیرۆک و گێڕانەوە نـاتوانن هەبن، تەنیـا لە چوارچێوەی کردەی گێرانەوەدا نەبێـت. واتە ئەگەر کەرەســەیەکی خاومان هەبێت وەکوو تێمەیەک بۆ نموونە جەنگ، ئەگەر لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا نەیگێڕینەوە، ئەوا ناتوانین گوتارەکەی دەربخەین .

گوتاری سیاسی ((مەیدانێکە بۆ دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێست لەبارەی بابەتی سیاسییەوە لە چوارچێوەی بڕیاردان، بۆ نموونە دیموکراسی و دەسەڵات و جۆرەکانی. گوتاری سیاسی بەردەوام گوتارێکی قەناعەتپێکەرانەی هەیە، ئامانج لێی ڕەزامەندبوون و خۆبەدانەدەســتەوەیە لە ڕێگەی هێنانەوەی بەڵگەوە.)) [الشــاذلی: ٢٠٠٢: ١٢٢] لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین جەوهەری گوتاری سیاسی بخوێنینەوە. کەواتە گوتاری سیاسی لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسێک، یان کۆمەڵە کەسـێک و جەماوەر ئاراسـتە دەکرێت. بۆیە دیاریکردنی شـوێن و پێکهاتەکانی گوتاری سـیاسـی لە دەنگ، پێکهاتە و دەلالەتەکان هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی گوتاری ســیاســی وەکوو گوتارێکی فیزیکی، چونکە زمان دیاردەیەکی فیزیکی هەیە، هەروەک زانای زمانناس (دی سۆسێر) زمان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. بۆیە زمانی گوتاری سیاسی زمانێکە هەمیشــە پەیامێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە. پەیامێکەی بۆ ئەوەیە قەناعەت بەکەسـانی بەرامبەر بکات. گوتاری سـیاسـی ئامانجی گەیاندنی پەیامێکە، لەکاتی شـیکردنەوەی گوتارەکەدا پێویسـتە جەخت لەسـەر دوو کەرەسـتەی بەرچاوی نێو گوتارەکە بکرێتەوە، یەکەمیان مەبەسـتی سـەرەکی و ڕاسـتەوخۆیە، دووەمیان مەبەسـتی لاوەکی و ناڕاســتەوخۆیە. لەهەر گوتارێکدا مەبەســتێک، یان چەند مەبەســتێک ڕادەپەڕێنرێت، دەســەڵات و ســنووری هەر مەبەستێکیش لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکەیدا دەردەکەوێت، بۆیە زمانی سیاسی لەپاڵ ئەوەی زمانێکی سادە و

کورت و پوختە، زمانێکە عەقڵ و سۆز لەیەک کاتدا دەجووڵێنێت، بایەخ بەڕەوانبێژی دەدات، ژمارەیەک زاراوەی سیاسی بەکاردەهێنێت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وەرگرەکان دروست دەکات. دەسەڵاتی هەر وشە و زاراوەیەک پەیوەستە بەو دۆخ و کات و شوێن و دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێت، یان بەجۆرێکی تر هەندێک زاراوە و دەستەواژە هەیە، لەدۆخی شەڕ، یان ڕکابەری سیاسی، یان ڕەخنەگرتن، یان ئاشتەوایی و قەیران و ئارامی و دژایەتی و بەیەکەوە ژیان و ... تاد مەبەستی جیایان هەیە.

گوتاری سیاسی بە چەند تایبەتمەندییەک جیا دەکرێتەوە، ئەم تایبەتمەندیانە گوتاری سیاسی لە کۆی گوتارەکانی تر جیا دەکەنەوە ، دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١. نەبوونی یەک گوتاری لەبارەی چەمکەکەوە: ئەوەی لە گوتاری سیاسیدا گرفتە، ئەوەیە ناتوانین چەمکەکە لە ڕووی پێناسە و چەمکەوە بە شێوەیەکی ڕوون دیاری بکەین. بۆیە گوتاری سیاسی، گوتارێکی پڕ لە کێشەیە. هەروەها ژێدەرێک بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لە چەمکی گوتاری سیاسی. زۆربەی سیاسییەکان لەبارەی بابەتێکەوە قسە دەکەن، بەڵام هەر یەکەیان سەر بە ژێدەرێکە. بۆ نموونە گوتاری سیاسی حیزبە ئیسلامییەکان لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەکان جیاوازە، لە کاتێکدا ڕەنگە هەردوو لایان باسی یەک بابەت بکەن و ئاراستەی جەماوەری بکەن. کەواتە گوتاری سیاسی گوزارشت لە جەنگێک دەکات، ئامرازەکەشی بریتییە لە ئایدیۆلۆجیا.

٢. گوتاری دژیەکی : گوتاری سیاسی، گوتارێکە پڕ لە گرفت و دژیەکییە لەبەر دوو هۆکار:

ا. بە هۆی ئەم بارودۆخە گرفتاویەی سیاسەت لە ڕێگەیەوە هاتووە، چونکە گوتاری سیاسی، گوتارێکە هەرگیز لە کەشێکی ئارام و ئاشتی نایەتەدی. واتە لە ئەنجامی تەنگانە و دژیەکی سیاسەتەوە دێت.

ب. گوتاری قسەکردنە، نەک کردار: گوتاری سیاسی بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، گوتارێکە تەنیا لە سەر قسەکردن وەستاوە و کەمترین کرداری هەیە. دەسەڵاتی هەر گوتارێکی سیاسی پەیوەستە بەشێوازی دەربڕین و شێوەی دەسەڵاتی فەرمانکردنەکەوە. هەندێک گوتاری سیاسی هەر تەنیا بەشێوە و ڕووکاردا فەرمانی تێدایە، هەشیانە دەسەڵاتێکی هێندە بەهێزە، تەنیا قسە ئاساییەکانیشی، کە پڕاوپڕە لەئامۆژگاری و وریاکردنەوە و سەرنجڕاکێشان وسەر سوڕمانی خودی وەرگرەکانیش ، کە لەقالب دراون، لەشێوەی فەرمان وەری دەگرن و ئەنجامی دەدەن.

٣ . مەزراندن (توظیف): گوتاری سیاسی بەردەوام زاراوەی سیاسی وەکوو ئامانجێک بەکاردەهێنیت. بەکارهێنانی زاراوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەسەڵاتی هەر وشە و زاراوەیەک پەیوەستە بەو دۆخ و کات و شوێن و دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێت، یان بەجۆرێکی تر هەندێک زاراوە و دەستەواژە هەیە، لەدۆخی شەڕ، یان ڕکابەری سیاسی، یان ڕەخنەگرتن، یان ئاشتەوایی و قەیران و ئارامی و دژایەتی و بەیەکەوە ژیان و ...تاد مەبەستی جیایان هەیە، کەچی لای قسەکەری کورد زۆر بایەخ بەدۆخ و جیاوازییەکانیان نادرێت، ئەمەش پەیوەستە بەتوانا و لێوەشاوەیی و وەستاکاری خودی قسەکەرەوە لەکاتی گوتاردانی ڕاستەوخۆی بەگوتن، یان گوتارە نووسراوەکە.

دووەم: گوتار لە نێوان سیاسەت وئەدەبدا.

سیاسەت و ئەدەب دوو بواری کارکردنی جیاوازن، کە دەکرێنە ڕێگەیەک بۆ ئەوەیپەیامێک ئاڕاستەی کۆمەڵ بکەن. بۆیە ئەگەر هەر یەکێک لەم دوو بوارە بوون بە ئایدۆلۆجیا، ئەوا گوتارێکی ترسێنتەریان دەبێت. زۆر جار سیاسییەکان ئەدەب دەکەنە هۆکارێک بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆیان بگەیەنن. ئەم فۆرمە لە گوتار لە سـەدەی بیسـتەم زۆر باوبوو، چونکە ((سەدەی بیست، سەدەی ئایدیۆلۆژیاکان بوو. گەر لە سەدەکانی ڕابردوودا ئایینەکان، زنجیرەکان، چین و توێژ، حکوومەت و میللەتەکان ڕۆڵیکی ئێجگار گەورەیان لە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەدا گێڕابێت، لە بەرانبەردا، سـەدەی بیست، سیاسـەت بە دووبارە کێشانەوەی نەخشـەی جیهان، نەتەوە و ژیارەکان بە شـێوازێکی نوێ، بەرەو پانتاییەکی پڕاوپڕ ئایدیۆلۆژی کێشـکرا.)) [دۆگین: ٢٠١٧: ٢١] کەواتە سـەدەی بیسـت سـەدەی ململانێی ئایدیۆلۆژیاکانە، ئەدەبیش وەکوو سیاسەت پڕ بوو لە ئایدیۆلۆژیا. بۆ نموونە لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، ئەدەب خرابووە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای چەپ. کەواتە گوتاری ئەدەبی گوتارێکی دانەبڕاو بووە لە سیاسـەت. ئەو فەزا سیاسـیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بە گشـتی و کوردسـتان بەتایبەتی هەیە سـێبەری بەسـەر ئەدەبەوە هەبووە. ڕاسـتە لە زۆربەی بارەکاندا هەر یەکەیان گوتاری تایبەت بە خۆیان هەبووە. بەڵام ئەگەر سـەیری نووسـین و دەقی ئەدەبی کوردی بکەین لە سـەردەمی ڕژێمی بەعسـدا، زۆرن ئەو نووسـەرانەی ئەدەبیان خسـتبووە خزمەت ئایدیۆلۆژیای بەعسـەوە. لە دوای ڕاپەڕینیش زۆربەی نووسەران وەکوو هەموو چین و توێژێکی تر بەسەر دوو ڕەنگ و بەرەدا دابەش دەبن. ئەدەب و قەڵەمەکانیان دەخەنە خزمەت ئەو حیزبەی کە ئینتیمایان بۆی هەیە. واتە ((سیسـتەمی سیاسـی کوردسـتانی باشـور لە دوای ڕاپەڕینەوە لە جێی کوردایەتی وەک هوشیاریی گشتی نەتەوەکە بە شاراوەیی و بە نهێنی گوتارێکی تری کردووە بە گوتاری خۆی.)) [حەمە: ؟: ٧] واتە گوتاری کوردایەتی بە گوتاری حیزبایەتی و سـیاسـی دەگۆڕێ. ڕەخنەگر (تێری ئیگڵتن) لەبارەی پەیوەندی نێوان گوتاری ئەدەب و سـیاسـەتدا دەڵێت: مێژووی تیۆری نوێی ئەدەبی بەشـێکە لە مێژووی سـیاسـی و ئایدیۆلۆژی سـەردەمەکان. تیۆری ئەدەبی بە بۆچوونی ئەو پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی هەیە بە سـیسـتەمی سـیاسـییەوە، چونکە لە زانینەوە بێت یان لە خۆوە بێت، یارمەتی و پشـتگیری کردن و بەهێزکردنی ئەم گریمانانەی داوە، واتە گریمانەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە، پێمان دەڵێ ئەدەب بە شێوەیەکی زیندوو پەیوەستە بە بارودۆخی ژیانی مرۆڤەوە، چونکە ئەدەب شتێکی بەرجەستەیە زیاتر لەوەی شتێکی واتایی بێت. بۆیە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی هەمیشـە ویسـتوویەتی بەشـێک بێت لە چارەسـەر. بۆ نموونە کۆی ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) پەیوەندییەکی قووڵیان بە فەزای سـیاسـی سـەردەمی ڕژێمی بەعس و سـیاسـەتی حیزبە کوردییەکانەوە هەیە. لە ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسـەدا جەنگ بە شـێوەیەکی بەردەوام بوونی هەیە و ڕووداوەکان لەبارەی جەنگەوەن، بۆ نموونە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) و تازەترین ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان). کەواتە هەم ئەدەب و هەم سیاسەت دەیانەوێت گوتاری تایبەتی خۆیان هەبێت، هەرچەندە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەردوو بوارەکە دەیانەوێ سـوود لە یەکتری وەرگرن بۆ ئەوەی گوتارێکی بەهێزتریان هەبێت. ئەم گوتارە لە نێوان ئەدەب و سـیاسـەت هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا نییە. واتە گوتارێک نییە، لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە خۆی بسەپێنێت. هەروەک (میشێل فۆکۆ)

دەڵێت: ((ئەم گوتارە بە تەنها ناتوانێ ئامراز و گوتاری سەرکوتکردن بەکاربهێنێت، ئەگەر وا بکات کەس ملکەچی نابێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و خەڵکی دانی پێدا بنیت، تەنها هێزی (نا) لە بەرامبەریاندا بەکارناهێنێت، بەڵکوو شت دادەهێنێت و بەرهەمی دەهێنێت، چێژ دروست دەکات، مەعریفە دروست دەکات، گوتار بەرهەمدەهێنێت، تا بەناو سەرجەم جەستەی کۆمەڵایەتیدا بڵاودەبێتەوە.)) [فوکو: ٢٠٠٧: ٦٣] کەواتە ناتوانین گوتاری ئەدەب و سیاسیی لە یەکتری جیا بکەینەوە. بەڵکوو هەردوو بوارەکە بە شێوەیەک تێکەڵی یەکتری دەبن، کە لە زۆر جاردا خۆیان بە یەک گوتار دەردەخەن.

**بەشی دووەم: ڕەهەندی ناوەڕۆکە سیاسییەکانی ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)**

ناوەڕۆکە سیاسییەکەی ئەم ڕۆمانە خۆی لە چەند ڕەهەندێکدا دەبینێتەوە، گوتاری سیاسیی لەم ڕۆمانەدا گوتارێکە بە شێوەیەکی تر کار لەسەرکۆمەڵێ چەمکی وەکوو نیشتمان، شۆڕش، دەسەڵات و سەرۆک..تاد دەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر یەکێک لەم چەمکانە ڕەهەندێکی تریان هەیە، کە جیاوازە لە ڕەهەندە کلاسیکییەکە. واتە ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی جیاواز کاری لەسەر ئەم چەمکانە کردووە. ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ژیانی سیاسی ئێستا و ڕابردووی میللەتی کورد.

١. نیشتمان

چەمکی نیشتمان لەناو کورد لە پیش ڕاپەڕینی ١٩٩١دا واتایەکی هەبوو و دوای ڕاپەڕینیش واتایەکی تری هەیە. پێش ڕاپەڕین، نیشتمان (کوردستان) ئەو ناوەندەیە، ئەو خەون و ئامانجەیە لەپێناویدا چەندین شۆڕش بەرپابوون. نیشتمان بەتایبەت ئەو کاتە برەوی دەبێت، کە بیری نەتەوەیی بە واتا مۆدێرنەکەی بڵاودەبێتەوە. بەڵام ئینتیمای مرۆڤ بۆ ئەو خاکەی لەسەری لە دایکبووە شتێکی غەریزەییە، واتە لەگەڵ بوونی لە دایک دەبێت. یەکێک لە دەلالەتەکانی نیشتیمان ئەوەیە دەبێتە شوناس. واتە خەڵکان لە نیشتمانەوە شوناسی خۆیان دەناسێنن. لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)دا بە شێوەیەک شوناسی ئەو نیشتمانەمان بۆ دەردەخات، کە زۆر جیاوازە لەو نیشتمانە خەیاڵکراوەی پێش ڕاپەڕین. ئاشکرایە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، ڕووداوگەلێکن باسی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووری کوردستان دەکەن. ((بەوەدا شارەکە لە شوێنکارێکی گەورە دەچوو، بەردەوام لم و چەو و چیمەنتۆ و بلۆک و شیش لەسەر شەقامەکان ڕێگای هاتوچۆیان دەگرت، ئەو تا گەیشتە شوێنی دامەچییەکان جنێوی دەدا. بەڵام بەردەوام هەستێکی هەبوو کە شارەکە چاوەڕوانی شتێک دەکات. چاوەڕوانیی لای ئەو پوچترین هەست، بەڵام زیندووترین کاریگەرترین هەستیش بوو. بەردەکان، شوشەکان، پایەکان، منارەکان، باغەکان، کوچەکان، هەموو چاوەڕوانی شتێکیان دەکرد، وەک چاوەڕوانی بورکانێک، کە شارەکە بسووتێنیت، یان لافاوێک نوقمی بکات، یاخود بومەلەرزەیەک تەختیبکات.)) [عەلی: ٢٠١٩: ١٨] ئەو نیشتمانەی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە باسی دەکات، شوناسێکی سەیری وەرگرتووە، شوناسی ئەو نیشتمانە بەو شێوەیە نەبووە، کە لە خەیاڵدان و بیرکردنەوەی ئەودا هەبووە. کاتێک (دەریاس) لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە، لە خەیاڵی ئەودا نیشتمانێک بوونی هەیە، کە تەواو جیاوازە لەو نیشتمانەی بە واقیع دەیبینێت. نیشتمانێکە سەرتاپای بریتییە لە چیمەنتۆ و شیش و بلۆک، گەورەبوونێکی نائاسایی گەورە دەبێت. شارەکانی نیشتمان



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەســـەر دوو شـــوێندا دابەش بوو، شـــوێنێکی وێرانە و خەڵکانێکی زۆر هەژاری تیدا دەژی و شـــوێنێکی تر شـــوێنی دەولەمەندەکانە. واتە نیشتمان بووە بە دوو بەشی جیاواز. لە کاتێکدا دەبێت نیشتمان بۆ هەمووان وەکوو یەک بێت و ڕۆڵەکانی بە یەک چاو سەیر بکات. بۆیە نیشتمان شوناسێکی تری هەیە، پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە. ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە خەونێک، دەبێتە تێمایەک لەم ڕۆمانەدا بەردەوام دێتە بەر چاومان و دەیخوێنینەوە. ئەم شونا سە، شونا سێکە ســـاختەیە. واتە شـــوناســـێک نییە لەناو مێژوو و کولتوور و شـــوێنەوە هاتبێت، کە ئەمانە بە دیدی کۆمەڵناســـان و مرۆڤناســان پێکهێنەری شــوناســی نیشــتمانین. ئەوەی لێرەدا باســی دەکەین شــارە، شــار نموونەیە بۆ نیشــتمان. ئەم نیشـــتمانە خاوەن مێژووییەکە، ئەم مێژووە مێژووی ململانێی نەژادی بووە، نەژادی کورد و عەرەب. عەرەب وەکوو نەتەوەیەک لە دەســـەڵاتی بەعســـدا خۆی نمایش کردووە. کاتێک نەتەوەی کورد بۆ ڕزگارکردنی نیشـــتمان ڕادەپەڕێ و دەســـەڵاتی بەعس ناهێڵێت، جۆرێکی تری دەســـەڵات دێتە پێشـــەوە، کە دەســـەلاتی حیزبی کوردییە. کەواتە دوای مێژووی دەســـەلاتی بەعس، مێژووی دەســـەلاتی حیزبی کوردی دێت. (میشـــێل فۆکۆ) ناو لەم مێژووە دەنێت گوتاری مێژوو، یان گوتاری مێژوونووسان. ئەم جۆرە لە گوتار پاساوی دەسەڵات دەدات و دەیەوێ بناغەی دەسەڵات دابڕێژێت. (فۆکۆ) دەڵێت: ((من پێم وایە دەتوانین وەکو ئاهەنگێکی زارەکی یان نووســـراو لەو گوتارە تێبگەین، کە لە ڕاســـتیدا دەبێ لە یەک کاتدا هەم پاســاوی دەســـەڵات بدات و هەم هێزێک بە دەســـەڵات ببەخشـێت.)) [فۆکۆ: ٢٠١٨: ١٤٣] لێرەوە حیزبە کوردییەکان مێژوو دەکەنە بەهانەیەک بۆ ئەوەی بیســـەلمێنن ئەوان خاوەنی نیشـــتمانن، بە واتایەکی تر ئەوان ڕزگارکەری نیشــتمانن. کەواتە نیشــتمان نیشــتمانی باوکەکانە. ((لێرە باوکەکان دەژین، بە زیندویی، بە مردویی، وەک جەســتە، یان وەک تارمایی، بەڵام دەژین. باوک لەم خەڵکە بســتێنە هەموو شــتێک دەڕوخێت. هەموو شــتێک هەرەس دەهێنێت، شــتێکیان بۆ نامێنێتەوە لەژێر باڵیدا خۆیان بشــارنەوە.)) [عەلی: ٢٠١٩: ١٣٢] ناســنامەی نیشــتمان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت پەیوەســتە بە بوونی باوکەکانەوە. لیرەدا باوک ڕەمزی دەســەڵاتە، ڕەمزی نەمریی و نیشــتمانە. بۆیە کاتێک (ســـەردار قەمەرخانی) دەمرێت، هەموو نیشـــتمان بۆی تازیەبار دەبن. نیشـــتمان دەبێت بە گۆڕســـتانی سەرۆکەکان (باوکەکان). کەواتە نیشتمان بەبێ باوک بەبی ڕەمزی نیشتمان، ناسنامەیەکی نییە. ناسنامەی نیشتمان ئەو کاتە هەیە، کە دەســـەڵاتی باوکەکان هەبێت و مێژووی نیشـــتمانیش مێژووی باوکەکانە. مێژوو دەکەنە بەهانەیەک بۆ ئەوەی بەردەوام چیرۆکی قارەمانێتی سەرۆک و باوکمان بۆ بگێڕێتەوە. بەردەوام نەوەکان، ڕۆڵەکەی بەو مێژووە گۆش دەکەن. لێرەدا مێژوو بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی دەســەڵات. واتە لەو ڕێگەیەوە نمایشــی دەســەڵاتی خۆیان دەکەن. کەواتە نیشتمان بریتییە لە نمایشی دەسەڵات. گوتاری ئەم ڕۆمانە لەو ڕووەوە نیشتمان شوێنێکە بۆ نمایشی دەسەڵات.

٢. گوتاری شۆڕش

چەمکی شــۆڕش لەم ڕۆمانەدا تێمەیەکی ســەرەکییە، دەتوانین بڵێین گوتاری کۆی ڕۆمانەکە بریتییە لە شــۆڕش. بە بروای ئێمە شۆڕش لەم ڕۆمانەدا لەپێناو گەیشتنە دە سەڵاتە، واتە شۆڕشکردن دە سەڵاتێک دەڕوخێنێت و دە سەڵاتی خۆی لە شێوەی گوتارێک پێشکەش دەکات. ڕاستە شۆڕشکردن لە جیهانێکی بۆگەن و گەندەڵ ڕزگارمان دەکات، بەڵام بە درێژایی کات دەســـەڵاتێکی بۆگەن و گەندەڵشـــمان بۆ بەرهەم دەهێنێت. لەم ڕۆمانەدا دوو تێڕوانینی جیاوازمان

لەبارەی شـۆڕشــەوە هەیە. (ئەلیاس) بە شـێوەیەکی قووڵ بڕوای بە شـۆڕش و توندوتیژی بۆ گۆڕانکاری هەیە. بەڵام (دەریاس) بڕوای بە شــۆڕش نییە و بە شــتێکی پووچی دادەنێت. ئەمە هەمان تێڕوانینی (فۆکۆ)یە بۆ شــۆڕش. ئەم فەیلەسووفە لەبارەی شۆڕشەوە دەڵێت: ((دەبی بیرۆکەی شۆڕش و پڕۆژەی شۆڕش چی بێ، جگە لە هەڵوەشانەوەی سەرەتاییی ئەو دەستێوەردان و ناهاوسەنگی و ستەم و توندوتیژییەی کە سەرەڕای سیستەمی یاساکان و لە سایەی یاســا کان و لە ڕێگەی ســیســتەمی یاســا کانەوە ڕوودەدەن؟)) [فۆکۆ: ٢٠١٨: ١٦٤] واتە شــۆڕش پڕۆژەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناهاوسەنگی و ستەم و توندوتیژی، بەڵام ئایا شۆڕش دووبارە سیستەم و ناهاوسەنگی و توندوتیژی بەرهەم ناهێنێتەوە؟ بە واتایەکی تر شــۆڕش دووبارە دەســەلات بەرهەم ناهێنێتەوە؟ ئەمە ئەو تێزەیە، کە (دەریاس) باوەڕی پێیەتی و کاری لەبارەوە دەکات، چۆن؟ ئەم کارەکتەرە لەبەرئەوەی مێژووی خوێندووە و شارەزایی لە مێژوودا هەیە، دەزانێت بە درێژایی مێژوو شـۆڕشـەکان بۆ لادانی دەسـەڵاتێک و هاتنی دەسـەڵاتێکی ترە. هەرچەندە هەمیشـە بەرەیەک هەیە باوەڕی بە شـۆڕشـە. ئەمە لە دیالۆگی نێوان (ئەلیاس) و ئەو گەنجەی لە گوندەوە هاتووە و چاوەڕوانی بەرپابوونی شــۆڕشــە دەردەکەوێت. ((گەنجەکە لە ئاوێنەکەی بەردەمیدا بەوردی لە خۆی وردبووەوە و گووتی:"لە گوندەوە هاتووم بۆ ئێرە، چاوەڕوانی شۆڕش دەکەم." ئەلیاس بە سەرسامییەوە پرسی: "چاوەڕوانی چی؟" "شۆڕش، ڕاپەڕین، سەرهەڵدانی خەڵک دژ بە ستەم و گەندەڵی.")) [عەلی: ٢٠١٨: ٢٠] ئەم کارەکتەرە باوەڕی تەواوی بە گۆڕانکارییە لە ڕێگەی شــۆڕشــەوە، بەڵام لە پشــت ئەم باوەڕەوە ئایدیایەک بوونی هەیە، ئایدیای وەرگرتنی دەســەڵات، یان هاتنە ســەردەســەڵات. کەواتە شـۆڕش لەپێناو دەسـەڵاتوەرگرتندا. هەمووان دەیانەوێ سـەروەرێتی بە دەسـت بهێنن. بۆیە لەبارەی شۆڕشەوە (ئەلیاس) دەڵێت: ((بیرکردنەوە لە شۆڕش، هەمان ئەو هەستانەم تیا دروستدەکات، کە بینینی خودا لای ئیماندارێک دروســتیدەکات.)) [عەلی: ٢٠١٨: ٢٩] ئەم کارەکتەرە شــۆڕش زۆر بە پێویســت دەزانێت، بە بڕوای ئەو کاتێک ئەوان دەســەڵات بگرنە دەســت گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی خەڵک دەکەن. ئەم بیرکردنەوەیە پەیامی هەموو شۆڕشێکە، بەڵام ئەنجامی هەموو شۆڕشێک دواجار دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی دەسەڵاتی شۆڕش بەسەردا کراوە. ئەم بەرەیە بەردەوام پاساو بۆ شکۆمەندی شۆڕش دەهێننەوە، بەردەوام باسی میکانیزمەکانی شۆڕش دەکەن، بۆ نموونە گەڕانەوەی ژەنەراڵ، پێویســتی ژەنەراڵ. واتە کورتکردنەوەی کۆی شــۆڕش لە بوونی ژەنەراڵ. ئەمە بە دیوێکی تردا پیرۆزکردنی کەسێکە، پیرۆزکردنی سەرکردەیە، دروستکردنی باوکە.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە بۆ شــۆڕش بۆچوونێکی ترمـان هەیە، ئەویش بۆچوونی (دەریـاس)ە. ئەم کـارەکتـەرە کەسێکە مێژووی تەواوکردووە و شارەزایی باشی لەو بوارەدا هەیە. کارەکتەرێکە بە دیوێکی تر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەڕوانێت. ئەو لەگەڵ براکەیدا (ئەلیاس) لەبارەی شــۆڕشــەوە ناکۆکە. ((لە دەفتەرەکانیدا زۆر بە کورتی و خەتێکی خواروخێچ نوســی: شــۆڕش دەرگا لەســەر ســەردەمێکی تازەی خورافات دەکاتەوە.)) [عەلی: ٢٠١٨: ٥٨] ئەم خورافاتە هەمان تێزەکەی (فۆکۆ)یە، کە بڕوای وایە شـۆڕش و دەسـەڵات جیا لە ململانێی نەژادەکان و چینەکان چیتر نییە. ئەم فەیلەســووفە هۆکاری جەنگ و شــۆڕش بۆ ململانێی نەژادی بە واتا بایۆلۆژییەکەی دەگەڕێنێتەوە. ((کە دەڵێین شەڕ مەبەستمان مانا جەنگییەکەی نییە. بەڵکو مەبەستمان ململانێیە بە مانا بایۆلۆژییەکەی: جیاوازی جۆرەکان

و هەڵبژاردنی سروشتی و بەهێزتر و مانەوەی جۆری باشتر و گونجاوتر...هتد. بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی دووانەیی کە دابەش بووەتە سەر دوو نەژاد یان دوو گرووپ بە دوو زمانی جیاواز و دوو یاسای جیاوازەوە...هتد، جێگەی خۆی بۆ جۆرە کۆمەڵگەیەکی تر چۆڵ کردووە، کە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە تاکلانەیە.)) [فۆکۆ: ٢٠١٩: ١٦٧] ئەم ململانێیە ململانێی هێز و جۆرە. ئەگەر تەماشا بکەین، تیۆرەکەی (داروین) بۆ چەشن و جۆری ئاژەڵ و گیاندار و ڕووەک هەمان تێزە. بە بڕوای (داروین) هەموو چەشن و جۆرە گیاندار و ڕووەکێک لەگەڵ یەکتری بۆ مانەوە لە ململانێدان، کامەیان جۆری باش بێ و بەهێز بێت ئەو دەمێنێتەوە. (فۆکۆ) ئەم تێزە بۆ ململانێی کۆمەڵگە وەردەگرێت. بە بڕوای (فۆکۆ) ململانێی نێوان دەستەکان، گرووپەکان جەنگ نییە، بەڵکوو ململانێییەکی بایۆلۆژییە، کامە دەستە و گرووپ جۆریان باش بوو، هێزیان هەبوو، ئەو دەمێنێتەوە و سەردەکەوێت. لەم ڕۆمانەدا شۆڕش بە شتێکی پووچ نیشاندراوە. (دەریاس) وا لە شۆڕش دەڕوانێت، کە لەم وڵاتە تەنیا ڕاپەڕینی دڕەندەکەی ناو ناخی خۆمانە، چونکە بە درێژایی مێژوو هیچ شۆڕشێک نەیتوانیوە ڕەوتی مێژوویی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بگۆڕێت. ئەوە تەنیا شۆڕشێکە بۆ لابردنی دەسەڵاتی سیاسی و هاتنە سەر تەختی دە سەڵاتێکی سیا سیی تر. ئەوەی بە لای (دەریاس)ەوە گرنگە شۆڕ شی ئەخلاقییە، چونکە ئەوەی لەم وڵاتەدا لە قەیراندایە ئەخلاقە بە واتا فەلسەفییەکەی نەک سیاسەت و هێز. دواجار کاتێک شۆڕش ئەنجام دەدرێت و جگە لە کوژرانی دەیان کەس، ڕشتنی خوێنی سەدان کەس چیتری لێ بەرهەم نایەت. شۆڕشگێڕان و هەردوو بنەماڵەی قەمەرخانی و تەلەرانی، ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە. شار وێران دەکەن، شار پڕ دەکەن لە مرۆڤی کوژراو لە مەیتی ڕزیو و بێسود .

٣. پیرۆزیی سەرکردە

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ست ئەوەی پیرۆزە و دەکرێ بە ئەفسانە سەرکردەکانن. سەرکردەکان بەردەوام دەیان هۆکار و ئامراز بۆ بە پیرۆزکردنی خۆیان دەخەنەگەڕ. دەسەڵاتەکان هەمیشە دەیانەوێت لە ڕێی بەخشینەوەی وەهمەوە شێوەیەکی ئەفسانەیی و کاریزمایی بە خۆیان بدەن. لەم ڕۆمانەدا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی سەرەکیی کاری لەسەر کراوە. تەنانەت مردنەکەشیان بە شێوەیەکی ئاسایی نییە و وەکوو ڕووداوێکی سروشتی ناڕوات. ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ئیشی لەسەر دەکرێ دروستکردنی سەرکردەی کاریزمایە، سەرکردەیەک وەکوو مرۆڤی باڵا سەیر بکرێت. ئەم چەمکە تایبەتە بە (نیچە). ئەم مرۆڤە لە لای ئەم فەیلەسووفە ((ئەو کەسەیە، کە دەتوانێت بەهای تایبەت بە خۆی دروست بکات، لە جیهانێکدا خەڵکانی تر تیایدا دەژین و پێشتر بەو چەمک و بەهایانە ئاشنا نەبوون. واتە مرۆڤی باڵا کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی کەسانی تر و دەتوانی بەها و جیاواز و تایبەت بە خۆی دروست بکات، کە سەربەخۆیە لە کەسانی تر و کار دەکاتە سەر کەسانی تر و بێ مانا ژیان بەسەر نابات، ئەگەر ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش بێ مانا بن ئەو لەپێناو مرۆڤایەتیدا دەژێت.)) [کۆمەڵێک نووسەر: ٢٠١٥: ٦٦-٦٧] ئێمە کاتێک ئەم چەمکە لە (نیچە) وەردەگرین، بە واتا نیچەییەکە بەکاری ناهێنین، بەڵکوو بەو واتایەی، کە سەرکردەکان دەیانەوێت کەس لەوان باڵاتر نەبێت، پیرۆزتر نەبێت. ئەمە هەمان بیرکردنەوەی نازییەکانە، کە خۆیان بە ڕەگەزی باڵای مرۆڤ دادەنا. لەم ڕۆمانەدا کاتێک قەمەرخانی دەمرێت، حیزبەکەی پەرت و بڵاو دەبێت. ((دوای مردنی قەمەرخانی، ئەندامانی حیزبی دیموکراتی

نەتەوەیی قەیرانێکی خەست و حیسابییان تێکەوت، ئەوان یەکەم حیزب بوون تێگەیشتن سەرۆکەکان جێگایەکی ئێجگار گرنگیان هەیە و ئیشەکە بێ سەرۆک ناڕوات و چاکترە حیزب هەمیشە کۆمەڵێک سەرۆکی خەزنکراوی بۆ ڕۆژی تەنگانە هەبێت.)) [عەلی: ٢٠١٨: ١٧] ئەمە بۆتە کولتوور و بەردەوام هەموو ئۆرگانەکانی حیزب و دەسەڵات دەخرێنە خزمەتی بە سوپەرمانکردنی سەرۆکەکان. هەموو حیزبەکان لەم ڕۆمانەدا قەیرانی سەرۆکیان هەیە. ئەم کولتوورە لەناو خەڵکدا هەیە و خەڵک بەبێ سەرۆک و کەسێکی پیرۆز و ڕۆحی ناتوانن بژین. ((سەرنجەدەم خەڵک بە دوای بیرکردنەوە و هەستی تازەدا ناگەڕێن، بەڵکو عەوداڵی سەرۆکێکی نوێن. کاتێک لە سەردەمێکەوە بەرەو سەردەمێکی تر دەجوڵێن، تەنیا شتێک دەیگۆڕن سەرۆکەکانیانە. وادەزانم هەر کە سێکیش بیەوێت سەرۆکەکانیان لێ بسێنێت یان لەکەداریان بکات، وەک ئەوەیە دەست بۆ ئاگر ببات.)) [عەلی: ٢٠١٨: ١٥٠] کەواتە ئەوە خەڵکە سەرکردەکان پیرۆز دەکەن و بەبێ سەرکردە ناتوانن بژین.

ئەم تێڕوانینە بۆ لایەنی دەرەوەی دە سەلات و ڕاپەڕیویش هەر ڕا ستە. بەرانبەر بەو بەرەیە، بەرەیەکی تر هەیە، کە دەیەوێ لە ڕێگەی شۆڕ شەوە گۆڕانکاری لە دە سەڵات بکات. ئەو بەرەیە بە سەرکردایەتی (ژەنەڕاڵ ئە شکزاد)ە. خەڵک لەسەر ئەم سەرکردەیە ئومێدێکی زۆری هەڵدەچنن. ئەشکزاد دژ بە گەندەڵی و ستەمکاری هانی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی شۆڕش بکەن و ڕاپەڕن. ئەم سەرکردەیە دواجار وەکوو خودایەک، وەکوو شتێکی ئەفسانەیی سەیر دەکرێت. بۆیە (ئەلیاس) کە لە بەرەی (ئەشکزاد)ە وە ها بیرکردنەوەیەک دەردەبڕێت. ((ئەوەی خە ڵک خەونیان پێوە دەبینی شۆڕش نەبوو، بەڵکو فریادڕەسێک بوو بە دەسەڵاتێکی ئەفسانەییەوە، خودایەک لە شێوەی ئادەمیزادا بێت و ڕزگاریانبکات و ئەوانیش بۆی بنووسنەوە ، گەر ئەم ئەفسانەیە بمرێت ، هەموو شتەکان تێکدەچێت. فریاد ڕەسێک هەموو کە هەموو مرۆڤەکان ڕزگاریی خۆیان بدەنە دەست.)) [عەلی: ٢٠١٨: ١٠٥] ئەم تێڕوانینە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بۆچوونی یەکەم، کە سەرکردە وەکوو خودایەک، وەکوو کاریزمایەک دەبینن. ئەوەی لێرەدا جیاوازە ئەم سەرکردەیە لە بەرەی دووەمدا وەکوو ڕزگارکەرێک دەبیندرێت. تەنانەت تێزی خودی (ژەنراڵ ئە شکزاد)یش بۆ شۆڕش پەیوەستە بە سەرکردەیەک، بە خورافەیەک، بە ئەفسانەیەک بۆ ئەوەی خەڵک لەو ڕێگەیەوە شۆڕش بکات. ژەنەڕاڵ دەڵێت: ((هیچ کەسێکی مەزن بوونی نییە، بەڵام خەڵک بە عەقڵە خورافی و ناحاڵییەکەی خۆیان یەکێک دەکەن بە مەزن. دەبێت ئەو شتە بەباشی بخرێتە خزمەتی شۆڕشەوە.. خەڵک نەزانن، بۆ خودایەک دەگەڕێن لەسەر زەوی. دەبێت ئەو خودایەیان بۆ دروست بکەین...تێدەگەیت؟ لەگەڵمدایت؟ دەبێت ئەو خودایەیان بۆ دروست بکەین.)) [عەلی: ٢٠١٨: ٦٥] کەواتە شۆڕش بەبێ سەرکردە واتایەکی نییە، خەڵک ناتوانن بەبێ ڕابەرێک، بەبێ ئەفسایەک شۆڕش بکەن. ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی سایکۆلۆژییشە، بەوەی بەبێ سەرکردە هیچ شتێک ڕوونادات. واتە خەڵک بەردەوام چاوەڕێی ڕزگارکەرێکن. ئەوەی کەموکورتیە خە ڵک پشت بە خۆیان نابەستن. واتە خە ڵک هوشیاریی ئەوەیان نییە بەبێ سەرکردە، خودایەک، ئەفسانەیەک بژین. کەواتە ئەم بیرکردنەوە پێویستی بە شۆڕشە. واتە شۆڕشێکی ئەخلاقی. چۆن ژیان لەلای مرۆڤە کان بە بوونی خەونەوە جوان دەبێ، بەهە مان شێوەش تێکشکانی ئەو خەو نانە مرۆڤ دە کاتە گیانلەبەرێکی بێ ڕۆح و بێ هە ست. چرکە ساتی دە ستپێکردنی شۆڕش نەک هەر تەقینەوەی خولیاو ئارەزووەکانە بۆ

وەدیهێنانی خەونەکان، بگرە دەستپێکیشە بۆ لە دایک بوونی چەندین خەونی تر. هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە لای زۆرێک، سەرنەکەوتنی شۆڕش بە یەکجار دوێنێ و ئەمڕۆی مرۆڤەکان پێکەوە ڕادەماڵێ. بۆیە تێکشانی خەونەکان پەیوە ستە بە ســەرکردەوە. ئەم ڕۆژهەڵاتە بەبێ ســەرکردە ناتوانن بژین. وەکوو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، پێش ئەوەی ســەرکردە بمرێت ئەوا کوڕەکەی زەمینەسازی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی وەکوو ئەفسانەیەک، وەکوو خواوەند و ڕزگارکەرێک نیشان بدرێت. ئەمانە لە ناو واقیعی حیزبی کوردیدا هەیە. کەواتە خەڵک بەبی وەهم ناتوانن هەنگاو بنێن. بۆیە هێشتنەوەی خەڵک لە دنیای وەهمدا هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک. لێرەوە چۆن ســەرکردە بەدیهێنەری شــۆڕشــە و داینەمۆی شۆڕ شە، بە هەمان شێوە هەموو دە سکەوتەکانیش بۆ سەرکردە دەگەڕێنەوە. وەکوو درو شمەکەی پا شا لویس پێش شۆڕ شی فەڕەنسی: من شۆڕ شم، شۆڕ شیش منە، من ڕاپەڕینم ڕاپەڕینیش شایەتی قارەمانێتی منە، من بەدیهێنەری دەستکەوتم، دەسکەوتیش موڵکی منە، من بەخشەری ئازادیم، ئازادیش لەژێر فەرمانی منە، من سەروەتم سەروەتیش هەمووی هی منە، ژیانم ژیاندەوە و بردنی ژیانیش بەدەست منە، هەر کەسێ نەیاری سوڵتەم بێت ملپەڕاندنی حەقی منە، چونکە شـۆڕش من بووم منیش شـۆڕشـم گێڕا، هەر شـۆڕشـیش منی گەیاندە مەقامی باڵاترین، دەسـت و بازووی منیشە حوکمی بێکۆتای دوای شۆڕش دەکات.

**ئەنجام**

١. گوتاری سیا سی بوارێکە بۆ دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێست لەبارەی بابەتێکی سیا سیی لە چوارچێوەی بڕیارداندا، بەردەوام گوتارێکی قەناعەتپێکەرانەی هەیە، ئامانج لێی ڕەزامەندبوون و خۆبەدەســتەوەدانە لە ڕێگەی هێنانەوەی بەڵگەوە.

٢. ئەدەب بەشێوەیەکی زیندوو پەیوەستە بە بارودۆخی ژیانی مرۆڤەوە، چونکە ئەدەب شتێکی بەرجەستەیە زیاتر لەوەی شتێکی واتایی بێت. سیاسەت بەردەوام ئەدەب دەکاتە مەیدانێک بۆ پێشکەشکردنی ئەو گوتارەی هەیەتی.

٣. ڕۆمانی (دەریاس و لاشـەکان) ڕۆمانێکی سـیاسـییە، دەیەوێ دەرخەری بارودۆخی باشـووری کوردسـتان بێت لە ماوەی ساڵانی دوای ٢٠٠٣.

٤. لە ڕۆمانەکەدا نیشـتمان تێزێکە بەردەوام سـیاسـییەکان خۆیان بە خاوەنی دەزانن. هاوکات وەکوو گوتارێک لە کاتی تەنگانە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی هەستی خەڵکی ڕاکێشن.

٥. لەم ڕۆمانەدا بەردەوام ئەو وەهمە هەیە، بەبێ سەرکردە هیچ جوڵەیەک ڕوونادات. ئەمەش تیزێکی سایکۆلۆژیی خەڵکە، کە بەبێ هێزێک باڵاتر لە خۆیان، کە ســەرکردەیە ناتوانن بژین. ئەوەی ڕزگارکەری ئەوانە، خەمخۆری ئەوانە سەرکردەیە.

**سەرچاوەکان**

**١. کتێبی کوردی**

١. دۆگین (ئەلێکساندەر): ٢٠١٧: تیۆری چوارەمی سیاسەت: وەرگێڕانی: وریا غەفووری: دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە: سلێمانی.

٢. فۆکۆ (میشێل): ٢٠١٨: دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت: وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە: سلێمانی.

٣. عەلی (بەختیار): ٢٠١٩: دەریاس و لاشەکان: ڕۆمان: چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.

٤. کۆمەڵێک نووسەر: ٢٠١٥: ئاشنابوون بە نیچە: دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە: سلێمانی.

**٢. ئینتەرنێت**

٥. حەمە (ئاکۆ قادر): ؟: کوردایەتی و ئەدەب، گوتاری شیعری قوبادی جەلی زادە لە نێوان گوتاری دژ و هاوسەنگدا (سەرنجێکی سۆسیۆلۆجی): سایتی کولتوور مەگەزین: http://cultureproject.org.uk/kurdish/kurd-adab-ako-qadr/

**٣. کتێبی عەرەبی**

٦. الباردی (محمد): ٢٠٠٤: انشائیە الخطاب فی الروایە العربیە الحدیثە: مرکز النشر الجامعی: تونس.

٧. جینیت (جیرار): ٢٠٠٣: خطاب الحکایە: ترجمە: محمد معتصم وآخرون: ط٣: منشورات الاختلاف.

٨. الشاذلی (مصطفی): ٢٠٠٢: الخطاب السیاسی فی المغرب: کلیە الاداب: الرباط.

٩. عصفور (جابر): ١٩٩٧: آفاق العصر: دار الهدی للثقافە والنشر: دمشق.

١٠. فوکو (میشیل): ٢٠٠٧: نظام الخطاب: ترجمە:د.محمد سبیلا: دار التنویر للطباعە والنشر: بیروت.